# گەشتنامە

بەشی (5)

حەمەسەعید حەسەن
وەرگری خەلاتی ئاراس

به میعراجی سلووکی سالیکاندا، تا نەچی ڕۆژێ
لەناو جەهلی مورەککەبدا، دەمێنی هەر وەکوو ماوی
نالی

نازانم ئێوە شێخ حسێن دەناسن، یان نا؟ ئەوی لە سۆڤییەت پەیینی خوێندووە، پەیینی ئاسایی نا، هی کیمیکاڵ. پەیینی کیمیکاڵ چونکە ژینگە پیس دەکات، بۆیە لە ئەورووپا، لەمێژە بەکارهێنانی قەدەغە کراوە و هەر کەسێک لەو بوارەدا بڕوانامەیەی هەبێت، نەک هەر کاری ‹دەستگیر› نابێت، بەڵکوو هیچ دوور نییە بە تۆمەتی ئەوەی نیازی پۆخڵکردنی دەوروبەری هەیە، ‹دەستگیر›یش بکرێت. یەکەم جار ئەز ئەو شێخ حسێنەم لە مەد تیڤی بینی، هەر چییەکی گوتبا، هونەرمەند قادر ئەلیاسی پێی دەگوت: (لەگەڵ ڕێزم بۆ تێزەکەت، بە هەڵەدا چوویت!) نامیلەکەیەکی هەیە، بە سەقەتترین کوردی، دەربارەی مێژوو نووسیوەتی، بیخوێنیتەوە، هیچ لە بارەی دیرۆکەوە فێر نابیت، وەلێ هێندە باسی (گێڕ، کلاج، برێک، دای بە ‹بەگ!› دای بە گێڕی قورس، دای بە گێڕی سووک و پێی لە بەنزین گیر کرد)ی، تێدایە، فێری شوفێری دەبیت!

لە ڕوانگەی ‹پاسۆک›ەوە، (شێ(١) حسێن کەسێکە چڵێس، ئەوسن، مالانگەڕ، ملوموشکەر، ورگپڕکەر و کەری نێو جۆگا.)(٢) ئەمانە وێڕای ئەوەی (هەلپەرستێکی حەتاڵ و بەتاڵە و حیزب بە لۆقنتە دەزانێت.)(٣) کە بەرەو کوردستان گەڕامەوە، خاتوونی هێژا دۆکتۆر گەلاوێژ حەوێزی کە لە بواری شێخحسێنۆلۆژیادا، شارەزاییەکی باشی هەیە، بە ڕێکەوت هاوسەفەرم بوو، کە دووریی ڕێ بێزاری دەکردین، بەسەرکردنەوەی دۆکتۆری بڕوانامە ئێکسپایەر بوو: حسێن محەمەد عەزیز، بە هانامانەوە دەهات. ئەوەش بۆ خۆی پارادۆکسێکی دیکەیە، کەسێک بڕوانامەکەی بەشێک بێت لە (ڕابردوو،) کەچی خۆی بە شیاوی ئەوە بزانێت، ببێتە مامۆستای زانکۆی (ئایندە!)

من بە هیچی (کامیل) سەرسام نیم، بەوەی نەبێت، پاشناوی (ژیر)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە! کامیل ئەگەر ژیر بووایە، داوای لەسەر شێخ حسێنێک تۆمار نەدەکرد، کە ئەگەر دەست خەڵکی قەدرزان بکەوێت، هەر جنێوێکی بە لیرەیەک لێ دەکڕن. ئەگەر دۆکتۆر فەرهاد پیرباڵ کە پێی وایە، (ئەوی هۆگری بەرهەمی وی نەبێت، گێلە!) ڕێم بدات، دەڵێم: ئەوی بە قسەی شێخ حسێن سەغڵەت ببێت، ژیر نییە.

لە هۆڵی میدیا، بە کاک فەخرەدین تاهیرم، کە نیتوانی لەگەڵ دۆکتۆر فەرهاد پیربال و کاک کاروان عەبدوڵلاشدا ساز نییە، گوت: وەرە لەگەڵ کاک کاروان ئاشت ببەوە و توانای خۆت بۆ شەڕی د. فەرهاد تەرخان بکە! چونکە ئەوی بە دوای دوو کەروێشکدا ڕا بکات، هیچیانی پێ ناگیرێت. گوتی: نا، شەڕی هەردووکیان دەکەم، ئەوە نییە تۆش هاوزەمان لە چەندان قوڵەوە دەجەنگیت؟ (فەرهاد هاوارە)یەکم نووسیبوو، تێیدا هانام بۆ د. پیربال بردبوو، تا هەمدیس بە سینگی ڕووتەوە، بێ ئەوەی گوێ بە سەرما بدات، بەر لە تانکی لەشکری تورکیا بگرێت. کە لە ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکەدا بینیم، پێی گوتم: (زۆر سوپاست دەکەم، کە لەو دوورەوە هانات بۆ من هێنا.) د. فەرهادیش سەیرە، لە پێناوی ئێمەدا، گا خەریکە ئاگر لە خۆی بەر بدات و گا خەریکە لە سەرمان(٤) ڕەق هەڵێ!

تا بۆ کوردستان نەگەڕابوومەوە، پێم وابوو (جەلالینامە) هەر کتێبێکە و هیچی تر، کەچی بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوت، هەر کتێب نییە، ناسنامەیەکی باوەڕپێکراویشە. لەو ڕێگەوبانەی دەوروبەری هەولێر و هەورازتریش، ڕووم لە هەر کوێ کردبا، کە دەگەیشتمە هەر بازگەیەک و لەبری ناسنامە، جەلالینامەیەکم دەردەهێنا، بەو پەڕی ڕێزەوە بەڕێیان دەکردم و لەگەڕانەوەشدا دەمدیت سەریان بەسەر ناسنامەکە، ببوورن جەلالینامەکەدا، شۆڕ کردووەتەوە و کە دەیانناسیمەوە، پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێ دەکردم.

بۆ خەڵکی هەولێر تەنیا فولکەیەکی ترسناک هەیە کە (بە تەمای خودای) خۆیانی لێ دەدەن، من بە تەمای خودای سەرم لە کوردستان دایەوە، ئاخر هیچ دوور نەبوو، بەر زەبری تۆڵەی بەسەبر بکەوم،(٥) یان بە فەرمانی دادگای هەولێر لە زیندانی محەحەتە توند بکرێم. ٢٠٠٥/١/٤ بە کاک بەدران ئەحمەد حەبیبم گوت، پێم خۆشە سەرێک لە زیندانییەکانی بەندیخانەی محەحەتە بدەم. زەنگی بۆ بەڕێوەبەری زیندان لێدا و داخوازییەکەمی پێ ڕاگەیاند، بەڕێوەبەری زیندان گوتی: پێویستی بە مۆڵەتی بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتییە، زەنگی بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی لێدا، بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی گوتی: پێویستە وەزیری ناوخۆ داخوازییەکەی پەسەند بکات، زەنگی بۆ وەزیری ناوخۆ لێ دا، وەزیری ناوخۆ گوتی: بە دەست سەرۆکی وەزیرانە، زەنگی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران لێدا، درەنگانێ ڕێزدار سەرباز هەورامی بە ناوی سەرۆکایەتیی وەزیرانەوە، گوتی: خۆ کاک حەمەسەعید حەسەن، نوێنەری ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشیۆناڵ نییە، چی داوە لە زیندانییان! ئەوە بە ڕاست (شیردا بۆ داپیردا)تان بیر ناکەوێتەوە؟

2005. 04. 06

(١) ئەوە هەڵەی چاپ نییە، پاسۆک بە هۆشیارییەوە، ‹شێ حسێن›ی پێ دەڵێن. ئەو (شێ)یە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شێخ حسێن لەنێو (کاژیک)دا بە شێخ تەڕەششوع ناوبانگی دەرکردبوو. تەڕەششوع عەرەبییە، بە کوردی دەبێتە شێ.

(٢) کەری نێو جۆگا، کەرێکە لە هەردوو بەری جۆگاکە دەلەوەڕێت. مەبەستی پاسۆک لە هەردوو بەری جۆگاکە، پارتی و یەکیەتییە.

2

(٣) بەیاننامەی پاسۆک/ ڕێکخراوی سوێد ١٩٩٦/٦/١٨ بڕوانە ئەرشیفی کوردستان نێت ٢٠٠٤/١٢/٩ شیاوی گرتنە، ڕێکخراوی پاسۆک لە سوێد، بریتییە لە دوو باڵ و هەر باڵەی لە یەک کەس پێک دێت.

(٤) لە سەرمان ڕەق هەڵێ، دوو ماناى هەیە:

(١) لەسەر ئێمە، واتا لە پێناوی ئێمەدا ڕەق ببێتەوە.

(٢) لە تاو سەرما و سۆڵە ڕەق هەڵێ. هەژار دەفەرموێت:

شەوە ئەستێرە پە زریوەن لە سەرمان*

لە مانگی ڕووت هەناسەم بۆتە خەرمان**

تکەی ئاونگی کوڵمت تەڕ دەکا لێو

گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان.

* زریوە: ترووکە، تروسکە، جریوە. واتا ئەستێرەکان لە تاو سەرما، کزکۆڵەیان کردووە و کز کز دەسووتێن، یان دەلەرزن.

** خەرمان: خەرمانە.

(٥) سەروەختی شەڕە ناوخۆییەکان، زوو زوو ئێزگەی ینک، ئەو (قسە نەستەقە!)ی دەگوتەوە.

